# نامەیەك بۆ مۆرسۆ



عەتیق ڕەحیمی
لەفارسییەوە: رۆمان

**مۆرسۆی ئازیز**

ئیزن بدەن سەرەتا خۆم بناسێنم: ناوم ڕەسوڵە، وەك تۆ، منیش کەسایەتی ڕۆمانێکم بەناوی «نەفرەت لە دیستۆیفسکی» . ڕەنگە نووسەرە بەڕێزەکەی تۆ، ئەلبێر کامۆ، لەبەر ئەو بێ حورمەتیکردنە بە مامۆستا مەعنەویەکەی لە نوسینەکەم بێزاردەبێت، ئەوە کێشەی ئەوانە. وەك تۆ، منیش دەڵێم «ئەوە گوناهی من نییە». ئەگەر نامەت بۆ دەنووسم، لەو ڕووەوەیە پێتابڵێم، بەپێچەوانەی شتێك کە نوسەرەکەم پێیوایە، من زیاتر هەست بە نزیکی خۆم دەکەم لە تۆ، تا ڕاسکۆلنیکۆڤ «تاوان و سزا». ئەو زۆربڵێ و تەنیایە، لەکاتێکدا تۆ بێدەنگ و تەنیای. بێدەنگ و تەنیا، چونکە تۆ لە دنیادا نامۆی، بۆیە نامۆی، چونکە لەو دنیایەدا بێدەنگی ناچارماندەکات بدوێین، پەیوەندی ببەستین، کۆمەڵایەتی و میللی بین. هەمووی بێدەنگی و هەمووی تەنیایی، وەك دەرەنجامی ئازادی، بێبەش و تاوانبارمان دەکات.

تۆ کەسێکت کوشت نەك بۆ ئەوەی بگەیە پلەی «مرۆڤەکانی ئەودیو سروشت» - دەربارەی ڕاسکۆلنیکۆڤ هەر ئەوەیە، بەڵکو بۆئەوەی تەنیاییتان پیشانبدەی و هەستی پێبکەی. جگە لە ئۆباڵ کێشان بۆ کارەکەت هیچ چارەیەکی دیکەم نییە، منیش بنیادەمێکم کوشتووە، پیرێژنێکم کوشتووە، نازانم بۆچی نووسەرەکەم لەکاتی نووسینی دەورەکەم «تاوان و سزا»ی بیرکەوتەوە و چارەنووسی کەسایەتی ئەو ڕۆمانەی بەسەرمدا سەپاند، کە گیرۆدەی تاوانەکەیەتی. حەزم دەکرد، وەك تۆ، ئاگام لە تاوانی خۆم بێ، بەڵام بێ پەشیمانی بژیم. دەزانی لە وڵاتی من، لە مانا مەسیحیەکەیدا ئەو هەستە نییە. موسڵمانێکی بێ گوناه و پاك دێتە دنیاوە، بێباری گوناهی سەرەکی لەسەر ویژدانی، بۆیە لەسەر ئەو خاکە دۆزەخیە دەژی، کە بەیەکجاری مل بۆ تاقیکردنەوە کە چ بکات، تا پاکیزەیی خۆی دەوڵەمەند بکاو گەواهی بوونی خوا بدات و بۆ پاراستنی خۆی لە وەسوەسەی کافرەکان، بیانکوژێت.

بەڵام من، بێباوەڕ و یاسا دەکوژم، کتومت وەك تۆ، نووسینەکەم دوای ڕوودانی ڕووداوەکە دەستپێدەکات. بەهۆی تۆمەتێك بۆ تاوانم، تا بێشك ئازادیەکەم بکڕێ. ئازاری بێهودە، هیچ بیانوو پاڵنەرێك نا دۆزێتەوە. لەکاتی نەخشەکێشانی چیرۆکەکەم، هیوای زۆر بوو کە بمخاتە قسە و هاوارەوە و دژی ناداد پەروەری بم وروژێنێ.... هیوای بە با چوو! دوای کوشتن، لاڵ دەبم. کاتێك دەنگ دەبیستم، کە تازە کار لەکار ترازاوە. نووسەر بۆخۆشی تێدەگات، کە تاوانباری لە وڵاتەکەی بێمانایە، کەوایە ڕێدەدا وەك تۆ لەگەڵ تاوانەکەم بژیم، بەڵام کۆمەڵگە دەبێتە کۆسپی بەردەم ژینم. تۆ زیرەکی و هیچ بیانوویەك بۆ کارەکەت نادەی بەدەستەوە، هەرچەند گەرماو هەتاوو سروشتن کە بەبێهۆ لە سەر زەوی نوقمی جۆرێك تەنیایی میتافیزیکیان کردووی.

تۆ بڕوادار نیت دەزانم. بە دەنگێکی قایم و بەرز وا دەڵێی. منیش بڕوادار نیم، بەڵام ناتوانم وا بڵێم. تەنیا بە تۆی دەڵێم. ئازادیەکی چەند مەزن! کەوایە تۆ بەهەشتی ونبووت نییە. هەستدەکەم حەزدەکەی دۆزەخێکی ونبووت هەبێت، ئەو کاتە کە بەگوێی کەڕی کەشیشدا هاوار دەکەی، هیواداری لە دایك ببیەوە، ژیانێکی ترت هەبێ، کە بتوانی لە ناویدا، ئەو ژیانە بیر خۆت بێنیەوە و بە ڕێکەوت لەسەر ئەو دنیایەی، کە پەیوەندیت پێوەی نییە. درامای تۆ، درامای ئێمە، هەر ئەوەیە. تۆ مرۆڤێکی سەر بە سرووشت، نەك



کەلتور. تۆ «کێو»یەکی! تەنیاییەکی تاوانبارکراو چونکە، بەهەمانشێوە کە نووسەرەکەتان دەڵێ، بەشداری یاری ناکەی «......». ڕازی نابی درۆ بکەی، درۆکردن، تەنیا ئەوە نییە باسی شتێك بکەین کە نییە، بەڵکو بەتایبەت ئەوەیە زیاتر لەوە باسی بکەین، کە هەیەو تا ئەو جێیەی پەیوەندی بەدڵی مرۆڤەوە هەیە، زیاد لەوە بڵێین کە هەستدەکەین. هەمووما درۆ دەکەین، ڕۆژانە، تا ژیان ئاسوودەتر بێ. تۆ بەپێچەوانەوەی دیاردەکان، ناتەوێ ژیان ئاسوودەتر بکەیت. ئەوە دەڵێی کە هەی، هەستەکانت ناشاریەوە و کتوپڕ کۆمەڵگە هەست بە مەترسی دەکات.

لەڕاستیدا مرۆڤی ڕاستگۆ ناتوانێ لەکۆمەڵگەدا بژی. دەرکراوە، بۆ دورگەکەی خۆی دوورخراوەتەوە، بەڵام هەر ئەو تەنیاییەش شایانی بەرگەگرتن نییە، چونکە هێندەی ڕاستگۆیی هەڕەشە لێکراوە. مرۆڤ لە تەنیایی خۆیدا نە تاوانبارە و نە بەرپرس، هەروەك کەسایەتی دیستۆیفسکی دەڵێ، دەروونی کۆمەڵگە یان بەرامبەر خواکانە، کە (هەریەکەمان بەرامبەر هەمووان، بۆ هەمووان و بۆ هەموو شتێك تاوانکارین.)

چونکە گەڕانەوەمان بۆ ناو خەڵکانی بڕوادار، عەزابی تاوانکاریمان بەسەردادەدەن و ئەگەر ملیان بۆ کەچ نەکەین، تەنانەت بۆ تاوانێك کە کردوومانە، داوەریمان دەکەن و بەتاوانێکی دی تاوانبارمان دەکەن، تاوانی ئەخلاقی یان سیاسی. دەربارەی تۆ، بەهۆی تاوانی ڕاستەقینەتان، کوشتنی عەرەبێك، تاوانبارتان ناکەن، بەڵکو بۆیە تاوانبارتان دەکەن، کە لە مردنی دایکتان نەگریاوی، گوایە فرمێسك نەڕشتنتان کارێکی تاوانکارانە بووە. بەڵێ، تۆ بە (گیوتین) دەسپێرن، نەك لەبەرئەوەی ئەنجامتداوە، بەڵکو چونکە کە هەیت. دەبێ چ بە من بڵێن! داوەریم دەکەن و تاوانبار دەبم، چونکە کوڕی کۆمۆنیستێکم، چونکە دیستۆیفسکی دەخوێنمەوە، نەك بۆ کوشتنێك کە ئەنجاممداوە. تەنانەت ئێمە مافمان نییە لەگەڵ تاوانی سەرەکیمان بژین، تاوانێك کە دەمانویست لەگەڵی تەنیا لەتەنیایی میتافیزیکی بەتەنیایی فیزیکی بگەین و چاوەڕێی مردن بین، تەنیایی ئەبەدی، هەروەك لەناوەکەتان دەردەکەوێ: «meurt» (دەمرێ) و «seul» (جودایی). کاتێك ئەلبێر کامۆ بەم شێوەیە ناوت دەنێ، بێگومان بیر لەو قسەیەی بلیز باسکاڵ دەکاتەوە کە: «ئێمە بەجێگیر بوون لە کۆمەڵی هاوڕەگەزانی خۆمان دەبینە قۆشمە: ئەوان هاوکاری بەدبەخت و بێ تواناکانی وەك ئێمە ناکەن، ئێمە بە تەنیا دەمرین».

بەڵێ، تۆ بە تەنیا دەمری. تەنانەت گەر ئارەزوو بکەی کە لە ڕۆژی لە سێدارەدانتان بینەرێکی زۆر هەبێ و بە هاواری نەفرەتاوی پێشوازیت لێبکەن. بەڵێ، ئێمە هەرچیەك بکەین، جەستەمان لە مەرەکەبی ڕەشی کتێبەکاندا دەتوێنەوە و هەناسەمان لە سپێتی نێوان دوو وشەدا هەڵدەواسرێن.... ئێمە بەبێ دەنگی و تەنیایی تاوانبارکراوین، تا هەتایە، کەوایە هەروەك سیزیف بین: بێدەنگ، تەنیا و بەختەوەر!
لەگەڵ تەنیایی.

ڕەسوڵ.

**سەرچاوە:**
ئینتەرنێت.







فایلی ژمارەی داهاتوو

# باران

بیژەنی تەرەقی

